# لەپەراوێزی خۆپیشاندانەکەی "کەلار" ەوە، بەڵێ بۆ ئاژاوەگێڕی!

یاسین بانیخێڵانی
Freiburg
11.9.2005

بوێری ئەمڕۆ زیاتر بۆ مردنە، نەک بۆ ژیان کردن (ئێریش فرۆم)

کوردستانی نوێ ژمارە 3771 لاپەڕە 2 نووسیوەیەتی (کێشەی کارەبا چارەسەر کراوەو پرۆژەی ئاویش لە جێبەجێکردندایە).
ک.ن بەردەوام دەبێت لە ڕاپۆرتەکەیی دەنووسێت (لێپرسراوی مەڵبەندی گەرمیان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە لەنێو خۆپیشاندەراندا ئاژاوەگێڕو تەقەکەرو تاڵانچیان تێدابووەو هەندێکیان پێشینەی تاوانی یاساییان هەیە، ئەو گەنجانەش ئاگادار نەبوون کە کێشەی کارەبا چارەسەرکراوەو پرۆژەی ئاوی کەلاریش دەستکراوە بە جێبەجێکردنی).

ئەگەر خوێنەر چاوێک لەو وشەو دەستەواژانەی لەسەرەوە هێڵم بە ژێریاندا هێناوە بکات، ڕەنگە هزری بە شوێنێکی تردا بڕوات، بۆیە حەز دەکەم بەکورتی لەسەر هەر یەکێک لەو خاڵانە هەڵوەستە بکەم.
یەکەم: ئاژاوەگێڕ، لە چەمکە سیاسییەکەیدا لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە کەسانێکی بێ بەرنامە و سەرلێشێواو بۆ خۆشیان نازانن دەیانەوێت چی بڵێن و داوای چی دەکەن، دەسەلات لە ڕێگای ئەم (چەمکەوە) دەیەوێت ئازادی گەنجەکان بۆ داواکردنی مافەکانی خۆیان و خەڵک زەوت بکات. دەسەڵات دەیەوێت لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەو (چەمکەوە) وێنەیەکی دزێوو ناشیرین بداتە ئەو گەنجانەی سیاسەتی دەسەڵات و گەندەڵییەکانیان دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

بۆ یەکەم جار واتە ساڵی 1811- 1812 وشەی ئاژاوەگێڕی بەو بزوتنەوە کرێکارییەی بەریتانیا، کە دژ بە شۆڕشی پیشەسازی وەستابوونەوە چەمکی سیاسی وەرگرت. ئەم بزووتنەوەیە داروبەردی کارگەکانیان لەبن دەرهێناو هەموو ماشینەکانیان شکاند، بۆیە دەستەواژەکە لە ئاژاوەگێرییەوە گۆڕا بۆ پەلاماردەری ماشین (Maschinenstürmer) یان ماشین شکێنەکان(Ludditen). کەسانی ئاژاوەگێڕیش بە لودیسموس (Luddismus) ناو دەبرد. ئەم گەنجانە، کە سەر بە بزوتنەوەی کرێکاران بوون، لە خۆیانەوەو بێ بەرنامە نەبوون لە دژی شۆڕشی پیشەسازی، بەڵکو ئەوان داوایان دەکرد نابێت ماشین جێگا بە مرۆڤ چۆڵ بکات یا بە واتایەکی تر نابێت ماشین جێگای مرۆڤ بگرێتەوە. ئەم بزوتنەوە لەبەر ئەوەی پشتی بە هێز و ئیرادەی خەڵک بەستبوو، بەرگری لە مافەکانی کرێکارانی ئەو سەردەمە دەکرد، هەر بە بەریتانیاوە نەوەستاو شۆڕشە مەزنەکەی ئەورووپا بەگشتی و فەرەنسای لێکەوتەوە، ئەم سەرکەوتن و ئاکامە وای کرد ئاژاوەگێڕی تەنها بە پیشەسازی و کارگەکانەوە نەوەستێت و هەموو لایەن و ئەو بوارانەی ژیانی مرۆڤ پابەندە پێیانەوە بگرێتەوە، لایەنگرانی ئەم گروپانەش پێیان دەڵێن لودیسموسە نوێکان (Neo-Luddismus) و ئەمڕۆ ئێمە پێویستمان بەم لودیسموسە نوێیانە هەیەو نابێت گەنجەکانمان  لەوە بترسین دەسەڵات پێیان بڵێت: ئاژاوەگێڕ. لەبەر ئەوەی گەنجەکان بۆ بەدەست هێنانی ئازادییەکانیان پێویستیان بە لود (ئاژاوەگێڕی) هەیە. ئاژاوەگێڕی ئەگەر لە چوارچێوەی گروپێکی دیاریکراویشدا بێت و وەک ئانارشیستەکان هەموو سیاسەتێکی دەسەڵات ڕەتبکەنەوە، ئەگەر ئێمە لەگەڵیاندا نەبین، ئەوا دەبێت لەوە تێبگەین، کە ناهەقییەک هەیە ئەمانە تورە دەکات، دەبێت نایەکسانییەکی کۆمەڵایەتی هەبێت یان خەڵکانێک هەبن لەپەراوێزی ژیاندا فڕێ درابن، ئەمەیە وا لە دەسەڵات دەکات لە ڕێگای ئەو چەمک و زاراوانەوە وێنەی بێزاری و نارەزایی دەربڕینی گەنجان بەرامبەر بە سیاسەتەکانیان بگۆڕێت بۆ وێنەیەکی ناشیرین، هەتا خەڵک لەبری پشتگیرییکردن لێیان، بە چاوێکی سوک و گوماناوی سەیریان بکات.

دووەم: تەقەکەر، ئەم زاراویە بە هەمان شێوەی چەمکی ئاژاوەگێڕ، بەکارهێنانێکی دیماگۆگیانەی دەسەڵاتە هەتا ئەو گەنجانەی داوای مافەکانی خۆیان و خەڵک دەکەن، وەک کەسانی پیاوکوژو تاوانکار نیشانیان بدات، زاراوەی تەقەکەر بەرامبەر ئەو گەنجانەی لێوان لێون لە تووڕەیی و بێزاری لەبەرامبەر سیاسەتی دەسەڵات و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران، کە بەدرێژایی 14 ساڵ لە پێناو مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەڵات و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، لەسەر ئێسک و خوێنی خەڵک دەژین هێمایەکی ترسناکە، بۆ بێدەنگکردن و سەرکوتکردنی ئەو دەنگانەی پێیان دەڵێت: نا، بۆ فەسادی ئیداری، نا بۆ بە تاڵانبردنی سامانی نیشتمان، نا بۆ زەبرو زەنگی سیاسی، نا بۆ پشتگوێخستنی خزمەتگوزارییەکانی خەڵک، ئەو خزمەتگوزارییانەی ژیانی خەڵکیان پێوە بەندە. کاتێک دەسەڵات وشەی تەقەکەر بەرامبەر ئەو گەنجانەی داوای مافی خەڵک

دەکەن بەکاردەهێنێت، نا ڕاستەوخۆ ئاماژەیەکە بەوەی، ئەمانە دەشێت دەستێک بن لەدەرەوە نێردرابن و ئەمانە نوێنەری خەڵک نین، بەڵکو ئەمانە خەڵکانێکی بەکرێگیراون و خوازیاری شێواندنی ئەو ئارامی و ئاسایشەن، کە لە سایەی ئێمەوە (واتە دەسەڵات) دەستەبەر بووە. دروستکردنی دوژمنی وەهمی لە لایەن هەردوو دەسەڵاتی کوردییەوە مێژووی خۆی هەیەو، هەردوو دەسەڵات ئەزمونێکی باشیان لە دروست کردنی دوژمنی وەهمیدا هەیە، بۆ چاوبەستکردنی خەڵک، دابڕانی وشەی تەقەکەر بەسەر گەنجانی کەلاردا بۆ خۆی گەواهی ئەو ئەزمونە دەدات، لەسەرەوە باسم کرد.

سێهەم: تاڵانچی، ئەگەر ئێمە زۆر بەکورتی و خێرایی ئاوڕێک لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بدەینەوە، دەبینین، تاڵان و فەرهود بەشێکی گەورە لەو مێژووە داگیردەکات. تاڵان و فەرهود نە کورد نە خەڵکی کەلار دایان نەهێناوە، بەڵکو ئەوە میراتی کولتوری خێڵە عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عارەبییە ئیسلام بە دیاری بۆی هێناوین. تاڵان و فەرهود کولتوری هەردوو خێڵی نیمچە دوورگەی عارەبی و بیابانەکانی ئاسیای ناوەڕست بوو، یەکەمیان لە ڕێگای فتوحاتی ئیسلامەوە و دووەمیان لە ڕێگای زەبرو زەنگی خێڵە دڕندەکانی مەغۆل و تورکەوە هێنایەنە ناوچەکەو تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە. لە مێژوودا کورد قوربانی کولتوری ئەم خێڵانە بووە، بەڵام دوای داگیرکاری و بەئیسلامکردنی ناوچەکەو نیشتەجێبوونی ئەو خێڵانە وەک دەسەڵاتداری بەهێزو دڕەندە، بژێوی خەڵکەکانیان لە تاڵان و فەرهودکردن کە بە (غەنیمەت)ناسراوە دابین کردووە. ئیبن خەلدون دەڵێت: (سروشتی عەرەب ئەوەیە، شت لەناودەستی خەڵکدا بفڕێنن، نەک سڵ لەوە ناکەنەوە ماڵ و سامانی خەڵک ببەن بۆ خۆیان، بەڵکو کاتێک چاویان بە ماڵ و سامانی خەڵکی تر کەوت تاڵانی دەکەن)*1. عێراقیش لەبەر ئەوەی ئەم خێڵانە داگیرو کاولیانکردو بوو بە سەنتەری پێکدادانییان، لەبەر ئەوەی ململانێکانی دەسەڵاتی ئاینی کەوتنە ئەوێوە وەک دەسەڵاتی ئەمەوی و عەباسییەکان، ئیتر تاڵان و فەرهود بوو بە بەشێک لە کولتوری ئەو وڵاتە. کەنعان مەکیە دەڵێت: (عێراقییەکان دەستێکی باڵایان لە تاڵان و شڕەخۆریدا هەیە و پسپۆڕن لە فەرهودکردندا، تاڵانکردنی ماڵ و فرۆشگە جووەکان لە کاتی قەتڵوعامەکەی 1941 بە فەرهود ناوی دەرکردوە، بۆیە ئەم زاراوەیە لەکاتی ڕاپەڕیندا بە شیوەیەکی بەربڵاو لەسەرتاسەری عێراقدا بەکار دەهێنرا)*2. ئەگەر لەم ڕوانگەی مەکییەوە بڕوانینە ڕەوشت و خاسیەتی خەڵکی عێراق دەگەینە ئەو ئامانجەی شڕەخۆری و فەرهود بەشێکی دانەبڕاوەیە لە کولتوری عێراق، (بەداخەوە ئەمەش قوڵایی داتەپینی ڕەوشتی گشتی عیراق پوخت دەکاتەوە، ئەگەر ئەم دیاردەیە بە فیعلی شایانی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی تایبەت بێت ئەوا بێگومان سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتیش بووە بەرامبەر بە کوێت)*3. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە سەیری تاڵان بکەین، ئەوا تاڵان و فەرهود پێش ئەوەی کولتورێکی کۆمەڵایەتی بێت، کولتورێکی سیاسییەو لەسەرەوەڕا بۆ ناو کۆمەڵگا شۆڕدەبێتەوە، ئەگەر خێڵە بەدووە عارەبەکان شەرعییەتی تاڵانیانیان لە قورئانەوە وەردەگرت، ئەوا لە پێش درووستبوون و دوای درووست بوونی دەوڵەتی عێراق ئەو شەرعییەتە لەدەسەڵاتەوە بووە. بەڵام سەیرەکە لەوەدایە دەسەڵاتدارانی کورد، تاڵان و فەرهود ستراتیژ و سیاسەتی ئەوان دەستنیشان دەکات دەیبڕن بە باڵای کۆمەڵێک گەنجی گەرمیان، کە سەنتەری ئەنفالە. سەیرە 14 ساڵە دەسەڵاتداران و بەرپرسە سیاسییەکانی کوردستان تا گەردنیان لە شڕەخۆری و تاڵانیدا ڕۆچوون و کەس لە گوڵ کاڵتری پێنەگوتوون، کەچی لەهەڵچوونێکی جەماوەری خەڵکی کەلاردا دژ بە گەندەڵی ئیداری و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی خەڵک لەلایەن بەرپرسەکانەوە، ماناکەی دەگۆڕێت، بۆ شێوازێکی تر، لە کاتێکدا خاسییەتی ڕاپەڕین و داگیرکردن بەشێکی گەورە لە تاڵانکردن پێک دەهێنێت. دەسەڵاتدارانی کوردستان هێرشکردنە سەر دامودەزگا حکومییەکان بە کارێکی نا شارستانی و پۆخڵ پەسن دەکەن و بەتاڵانبرنی شمەکەکانی ئەو دائیرانە بە بەتاڵانبردنی موڵکی خەڵک دەزانن، بەڵام ئەوەیان لەبیرچووە ڕاپەڕینی 1991 هەمانکار لە لایەن بەرپرسانەوە ئەنجام درا، ئایا ئەو دەزگایانە لە دائیرەکاندا ئاودیوکران موڵکی خەڵک نەبوون؟. ئایا تا ئێستا بەرپرسەکان دەستیان لە تاڵان کردنی دەزگای ناو نەخۆشخانە، دائیرەی کارەبا، ئیشغال و نازانم چەندی تر نییە؟. یان دەیانەوێت بە تاڵانکردنی دوو دەزگا لە کەلاردا پەردە بەسەر هەموو تاڵان و ڕاوڕووتەکانی خۆیاندا بدەن، کە لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی تووڕەوە تاڵانکراون، ئەگەر چی من بۆ خۆم گومانم هەیە لەوەی، ئەو کارە دەستی بەرپرسەکان خۆیانی تێدا نەبێت بۆ دزییەکی گەورەتر، وەک سوتاندنی کۆگای دەرمان لە شاری سلێمانی.

چوارەم: تاوانی یاسایی، ئەم ڕستە بێ ماناو ناوەڕۆکەم لە مێشکی خۆمدا بۆ سێ چوار زمان وەرگێڕا، بەڵام مانایەکی وام نەدۆزییەوە. هەر بۆ نمونە بە عارەبی دەکاتە (جریمە القانونیە یا جرائم القانویە). واتە تاوانێک، کە یاسایی بێت، تاوانێکیش یاسایی بێت، ئەوە تاوانی بکەری تاوانەکە نییە، بەڵکو ئەوە تاوانی ئەو یاسایە پشتیوانی لە تاوان دەکات، بۆ نمونە لە ئەوروپا دزیی یاسایی هەیە، ئەمەش لە فرت و فێڵی کارگەو دامەزراوەکاندایە، واتە جۆرە دزییەکە یاسا لایەنگری دزە نەک دزی لێکراو. بەڵام تاوانی یاسایی، مەگەر تەنها لەناو یاساکانی بەعسدا بیبینینەوە، کە 14 ساڵە حیزبە کوردییەکان کاری پێدەکەن.

ئەوە تەنها یاساکانی بەعس بوو لایەنگری تاوان و تاوانباران بوو، بۆیە گومانەکەی سەرەوەی من لێرەدا دەرەوێتەوە، کە گوتم: دەشێت، دەستی دەسەڵاتداران و بەرپرسان خۆیانی تێدا بێت، لەبەرئەوە هەر ئەوان دەتوانن تاوانی یاسایی ئەنجام بدەن.
لە کۆتایدا دەمەوێت بڵێم: زۆر جار و لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا ڕوودەدات، ڕەوتی خۆپیشاندان بۆ توندوتیژی بگۆڕێت، بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، جگە لەو وڵاتانەی هێز و چەک حوکمیان تێدا دەکات و دەسەڵاتە دکتاتۆر و تۆتالیتارەکان حکوم دەکەن، بە فیشەک وەڵامی خۆپیشاندەران نادەنەوە. پەنا بردن بۆ چەک و هێزی پۆلیس وسەربازی بۆ خۆی ئافرێنەری توندوتیژییەو ئەم توندوتیژییەی کەلاریش ئاماژەیە بۆ توندوتیژی گەورەتر، کە دەشێت سەرانسەری کوردستان بگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەزمونی 14 ساڵ بەسە بۆ ئەوەی خەڵک تێ بگات، ئەم حیزبانەی کوردستان نەک هەر ناتوانن کاری خزمەتگوزاری بە ئەنجام بگەیەنن، بەڵکو ئەو پارەیەش بۆ ئەو مەبەستانە تەرخان دەکرێت دەیدزن. 14 ساڵ بەسە بۆ ئەوی خەڵک تێبگات ئەم حیزبانە لەبەر کۆکردنەوەو دزینی سەروەت و سامانی کوردستان تا ئێستا نەیانتوانیوە کارەبای یەک شاری کوردستان دابین بکەن.

لەڕوویەکی ترەوە ئەو بەیاننامەی حیزبەکان بەهاوبەشی دژی ئەو گەنجانەی خۆپیشاندانەکەیان ڕێکخستووە دەرکردووە، پێمان دەڵێت: ئەگەر ئێمە لە هیچ هەڵوێستێکی سیاسی و چارەنوسسازدا لەگەڵ یەک نەبین، ئەگەر ئێمە هیچ سیاسەت و ئایدۆلۆژییەک کۆمان نەکاتەوە، ئەگەر ئێمە بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتیمان یەکمان نەخات، ئەوا لە سەرکوت و تۆقاندنی ئەو کەسانەی پێمان دەڵێت؛ نا، یەک هەڵوێستین. یەک دیدو بۆچوونمان هەیە بەرامبەر ئەو گەنجانەی دەیانەوێت شوێن بە دەسەڵاتی ئێمە لەق بکات.

ئەم خۆپیشاندانەی گەنجانی کەلار دەکرێت ببێتە سەرەتایەک بۆ لەدایک بوونی بزوتنەوەی گەنجانی کوردستان دژی گەندەڵی ئیداری، دژی مۆنۆپۆلکردنی سیاسەت لە لایەن پیرەکانەوە، ئەو پیرانەی هێشتا بە عەقڵی شاخ بیردەکەنەوە، دژی فەرهود و تاڵانکردنی سامانی کوردستان لە لایەن بەرپرسەکانەوە، دژی بێ بەشکردنی گەنجەکان لە گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا. بەتەنها هێزو وزەی گەنجە دەتوانێت گۆڕانی گەورە لە کۆمەڵگادا بکات، ئەو کۆمەڵگایانەی گەنجی شەرمن و پەراوێزکراویان هەیە، ئەو کۆمەڵگایانەن گۆڕانیان بەسەردا نایەت و پێش ناکەون، حیزبەکانی ئێمەش باش لەم سیاسەتە تێگەیشتوون، بۆیە 14 ساڵە لە هەوڵی پەراوێزکردنی گەنجی کورددان، بۆیە ئەرکی ڕۆشنبیرانی ئێمە ئەوەیە گەنج بەرەو تورەبوون و یاخی بوون ببات، تەنها یاخی بوونی گەنجەکانی هەر کۆمەڵگایەک دەتوانێت کۆمەڵگادا بگۆڕیت و بە مل کەچکردنی دەسەڵات داخوازییەکانیان بەدی بهێنێت، لەبەر ئەوەی وەک تۆماس پینشۆن دەڵێت. (ئەگەر ئازادی گەنجەکان لەسەر دەریا بێت، بۆ کڕینی ئازادییەکانیان بەخوێن نرخەکەی دەدەن)*1.

---

پەراوێزەکان

1- ابن خلدون، المقدمە

2- دڵڕەقی و بێدەنگی، کەنعان مەکیە

3- هەمان سەرچاوەی پێشوو